# هەرکەسێک سەگێک ڕابگرێت -جگە لە سەگی ڕاوکردن، وسەگی مەڕومالاّت نەبێت-؛ ئەوا هەموو ڕۆژێک دوو قیرات لە پاداشتی کەم دەکاتەوە

لە عبداللەی کوڕی عومەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «هەرکەسێک سەگێک ڕابگرێت -جگە لە سەگی ڕاوکردن، وسەگی مەڕومالاّت* نەبێت-؛ ئەوا هەموو ڕۆژێک دوو قیرات** لە پاداشتی کەم دەکاتەوە». وسالم دەڵێت: ئەبو هوریرە -ڕەزای خوای لێبێت- کە خاوەنی کێڵگە بوو دەیووت: «یان سەگی کێڵگە». *(سەگی مەڕومالاّت: مەبەست ئەو سەگەیە کە پاسەوانی مەڕومالاّت دەکات ولەگەڵ شوان دەردەچێت)، **(قیرات: واتا بڕێکی مەزن لە پاداشت)
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

سەگ لەو ئاژەڵانەیە کە پیس وقێزەوەنە؛ بۆیە شەریعەتی پاک نەهی کردووە لە ڕاگرتنی بە بێ هۆ، چونکە زیان وخراپەکاری زۆر هەیە لە ڕاگرتنی، وەکو دووربوونەوەی جۆرێک لە فریشتە بەڕێزەکان (فریشتەی ڕەحمەت) لەو ماڵەی سەگی تێدایە، وترساندنی خەڵکی تێدایە، وپیسی وپاشەڕۆیان، وئەو نەخۆشییانەی دەیگوێزنەوە، ولاسایی کردنەوەی کافرەکان وزیانی تریش. وهەرکەسێک بە بێ هۆ سەگ ڕابگرێت ئەوا هەموو ڕۆژێک دوو قیرات (دوو پری مەزن) لە پاداشتەکانی کەم دەکەن وتەنها خودا دەزانێت ئەم بڕەیە چەندێکە، چونکە ئەم کەسە سەرپێچی فەرمانەکانی خودای کرد وسوور بوو لەسەر ئەم تاوانە، بەڵام ئەگەر پێویستی هەبوو بۆ ڕاگرتنی سەگ بۆ سوودێک لە سوودەکان؛ ئەوا دروستە ڕابگیرێت لە یەکێک لەم حاڵەتانەدا: 1/ بۆ پاسەوانیکردنی مەڕومالاّت ئەگەر خاوەنەکەی بترسێت لە دەستدرێژی کردنی دز وگورگ وئاژەڵی دڕندە بۆ سەریان. 2/ بۆ پاسەوانیکردنی کێڵگە. 3/ بۆ ڕاو کردن. بۆ ئەم سوودانە دروستە ڕابگیرێت وهۆکاری لۆمە کردن وکەمبوونەوەی پاداشت لەسەر ئەو کەسە نامێنێت کە بەم هۆیانەوە سەگ ڕادەگرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/2994

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee